# ئاڵنگاریەکانی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و کاریگەری لەسەر ئاسۆی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران.

## لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی

https://doi.org/10.17656/jlps.10340

م. ی. کاظم احمد صدرالدین

وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی Kazim.ceberi@gmail.com

بوختة

ڕێگای گەشەپێدان؛ پڕۆژەیەکی عێراقیە و بە ئامانجی کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی بازرگانی و گواستنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێکەوەبەستنی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا، لە ڕێگای گەشەپێدانی ڕێگای گواستنەوەی وشکانی و هێڵی ئاسن. چاوەڕوان دەکرێت ئەم پڕۆژەیە لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران بەجێبهێڵێت.

ئامانج لە توێژینەوەکە دەرخستنی گرنگی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و کاریگەری لەسەر داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێرانە. توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەش دەکات پڕۆژەکە لەبەردەم ئاڵنگاری ناوخۆیی و هەرێمیدایە و بە ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو لا دەبێت. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی شیکاری چۆنایەتی بەکارهاتووە و پلانی توێژینەوەکەش بەم شێوەیە دابەشکراوە **بەشی یەکەم:** باسی یەکەم: ناساندنی ڕێگای گەشەپێدان: باسی دووەم: پێکهاتەکانی پڕۆژەکە. **بەشی دووەم:** باسی یەکەم: کاریگەرییەکانی پڕۆژەکە. باسی دووەم: فاکتەرەکانی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران. **بەشی سێیەم:** باسی یەکەم: ئاڵنگارییەکانی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و کاریگەری لەسەر ئێران. باسی دووەم: پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و کاریگەری لەسەر ئاسۆی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق.

هەروەها توێژینەوەکە بەم دەرەنجامانە گەیشتووە، ئەگەرچی وادەردەکەوێت (جوگرافیا، سیاسەت، ئابووری، ئایین) دڵنیای دەدەن لە پاراستنی پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران. بەڵام ئاسۆی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە ئاڵۆزە و پڕە لە ئاڵنگاری. پێشهاتە ناوخۆیی و هەرێمییەکان و داینامیکیەتی ڕووداوەکانی دەوروبەر جێکەوت لەسەر پەیوەندییەکانیان بەجێدەهێڵن. ڕاستە عێراق بە تەواوکردنی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لە ئاستی هەرێمی نێودەوڵەتییدا وەك هێزێکی ئابوری پێگەیەکی گرنگی دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بازرگانی نێودەوڵەتیدا، بەڵام لە دیدی ئێرانەوە پڕۆژەکە ئێران لە پەراوێزدا دەهێڵێتەوە و دەبێتەهۆی نزیکبوونەوەی عێراق و تورکیا و پێگەی تورکیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی بەرزدەکاتەوە، ئەمەش لێدانە لە هەژموون و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراقدا.

**کلیله وشه:** (پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، عێراق، ئێران، هێزی هەرێمی)

# تحديات مشروع الطريق التنموي وأثرها على الآفاق المستقبلية للعلاقات بين العراق وإيران.

## دراسة في الجغرافيا السياسية.

م.م.كاظم أحمد صدرالدين

وزارة التربية، المديرية العامة لتربية السليمانية.

**الخلاصة**

طريق التنمية؛ وهو مشروع عراقي يهدف إلى فتح بوابة جديدة للتجارة والنقل في الشرق الأوسط وربط كل من قارتي آسيا وأوروبا، من خلال تطوير النقل البري والسكك الحديدية. ومن المتوقع أن يؤثر المشروع على آفاق العلاقات بين العراق وإيران في المستقبل .

هدفت الدراسة إلى تسليط الضوء على أهمية مشروع الطريق التنموي وأثره على مستقبل العلاقات بين العراق وإيران. كما تفترض الدراسة أن المشروع يواجه تحديات محلية وإقليمية وسيؤثر إيجابا أو سلبا على العلاقات بين الجانبين. تم استخدام منهج البحث (التحليل النوعي) وتم تقسيم خطة البحث على النحو التالي: الجزء الأول: المناقشة الأولى: المفاهيم والمصطلحات. المناقشة ٢: مقدمة لمسار التطوير. الجزء الثاني: المناقشة ١: مكونات المشروع: المناقشة ٢: آثار المشروع. الجزء الثالث: المناقشة الأولى: العوامل في العلاقات العراقية الإيرانية. المناقشة الثانية: تحديات مشروع الطريق التنموي وأثرها على الآفاق المستقبلية للعلاقات الإيرانية العراقية. كما خلصت الدراسة إلى أن الجغرافيا والسياسة والاقتصاد والدين يبدو أنها تضمن الحفاظ على العلاقات العراقية الإيرانية. لكن الآفاق المستقبلية للعلاقات بين البلدين معقدة ومحفوفة بالتحديات. وتؤثر التطورات المحلية والإقليمية وديناميكيات الأحداث المحيطة على العلاقة بينهما. ورغم أن العراق سيكون له مكانة مهمة في الشرق الأوسط والتجارة الدولية من خلال استكمال مشروع طريق التنمية الإقليمي، فمن وجهة نظر إيران، فإن المشروع سيهمش إيران ويقرب تركيا من بعضها البعض.

**الكلمات المفتاحية:** (مشروع الطريق التنموي، العراق، إيران، القوة الإقليمية).

## Challenges and Implications of the Development Road Project for the Future of Iraqi-Iranian Relations.
### A Study in Political Geography

A. L. Kazim Ahmad Sadraddin, Ministry of Education, Sulaimani General Directorate of Education.

### Abstract

The "Development Road" project, an Iraqi initiative, seeks to establish a new trade and transportation corridor within the Middle East, facilitating connections between Asia and Europe through the enhancement of land transport infrastructure and railway networks. This project is poised to significantly influence the future dynamics of relations between Iraq and Iran.

This study investigates the significance of the Development Road project and its anticipated impact on the future trajectory of Iraqi-Iranian relations. The study posits that the project will encounter both domestic and regional challenges, with the potential to engender either positive or negative consequences for the bilateral relationship. Utilizing a combined Qualitative Analysis research methodology, the study is structured as follows: Part 1: Examination of Concepts and Terminology; Introduction to the Development Road Project. Part 2:Project Components; Assessment of Project Impacts. Part 3:Key Determinants of Iraqi-Iranian Relations; Analysis of Challenges Posed by the Development Road Project and its Implications for the Future of Iraqi-Iranian Relations. The study concludes that while geographical proximity, political considerations, economic interdependence, and shared

religious ties contribute to the stability of Iraqi-Iranian relations, the future prospects are complex and subject to considerable challenges. Both domestic and regional developments, as well as the dynamics of surrounding events, will exert a significant influence on the relationship. While the completion of the regional Development Road project will likely elevate Iraq's strategic position within the Middle East and global trade networks, the project is perceived by Iran as potentially marginalizing, and as bringing Turkey closer to Iraq.

**Keywords**:(Development Road Project, Iraq, Iran, Regional Power, Political Geography)

## پێشەکی

پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، کە پێشنیاری مۆدیلێکی نوێی ئابوری دەخاتەڕوو بۆ کردنەوەی ڕێڕەوێکی بازرگانی. بە ئامانجی کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی بازرگانی جیهانی و گرێدانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو و بەستنەوەی کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا، لە ڕێگەی خاکی عێراق و تورکیاوە. پرۆژەکە پەرەپێدانی ڕێگای ئاوی و ڕێگەی وشکانی(هیڵی ئاسن و ڕێگای گواستنەوەی خێرا) لەخۆ دەگرێت، کە چاوەڕوان دەکرێت کاریگەری هەبێت نەك تەنها لەسەر دۆخی ئابوری ناوخۆیی عێراق، بەڵکو دۆخی ئابوری و بازرگانی هەرێمی و نیودەوڵەتی. جێکەوت بەجێ بهێڵێت لەسەر ئاسۆی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق.

## چوارچێوەی توێژینەوە:

### هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

١. پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان پرۆژەیەکی نوێی عێراقە و لە ئێستادا جێگەی مشتومڕی نێوان ناوەندە سیاسی و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەیە.

٢. پێشبینی دەکرێت ئەم پرۆژەیە چ لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ لەسەر ئاستی کیشوەری، گۆڕنکاریەکی گەورە لە ناوچەکەدا بهێنێتەکایەوە و بە پرۆژەیەکی کیشوەر بڕ دادەنرێت.

### گرنگی توێژینەوەکە:

١. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پرۆژەکە دەروازەیەکی نوێدەکاتەوە بەڕووی بازرگانی نێودەوڵەتی و دەبێتەهۆی بەستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و کیشوەری ئاسیا بە ئەوروپا.

٢. لەسەر ئاستی هەرێمی ڕێگەی گەشەپێدان دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی پێگەی هەرێمی عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٣. لەسەر ئاستی ناوخۆیی پرۆژەکە دەبێتەهۆی پێکەوەبەستنی شارەکانی عێراق و دامەزراندنی ژێرخانی ڕێگای گواستنەوەی مۆدێرن و ڕەخساندنی هەلی کار و دروستبوونی شاری پیشەسازی.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

١. ئامانج لە توێژینەوەکە دەرخستنی گرنگی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و لێکەوتە جیپۆلەتیکی و ئابوریەکانی پرۆژەیەکەیە لەسەر ناوچەکە.

٢. دەرخستنی کاریگەری پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانە لەسەر ئاسۆی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێرانە.

### گریمانەی توێژینەوەکە:

١. پرۆژەکە لەبەردەم ئاڵنگاری ناوخۆیی و هەرێمیدایە و بە ئەرێنی یان نەرێنی کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەت عێراق و ئێران دەبێت.

٢. لەسەر ئاستی هەرێمی پرۆژەکە دەبێتەهۆی ئاڵنگارییەکی گەورە و کاریگەری سیاسی و ئابوری لێدەکەوێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە توێژینەوەکەدا سوود لە میتۆدی شیکاری چۆنایەتی وەرگیراوە بۆ شیکردنەوەی کاریگەری پرۆژەکە و ئاسۆکانی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران وەرگیراوە.

**پلانی توێژینەوەکە:**

پلانی توێژینەوەکە، دابەشکراوە بۆ سێ بەش و چەند باسێك. بەم شێوەیە: **بەشی یەکەم:** باسی یەکەم: ناساندنی پرۆژەکە. باسی دووەم: پێکهاتەکانی پرۆژەکە: ١. رێگەی ئاوی. ٢. رێگەی وشکانی: **بەشی دووەم:** یەکەم: کاریگەریەکانی پرۆژەکە: ١. لەسەر ئاستی ناوخۆیی. ٢. لەسەر ئاستی هەرێمی. ٣. لەسەرئاستی نێودەوڵەتی. باسی دووەم: یەکەم: مێژووی پەیەوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران. دووەم: فاکتەرەکانی کاریگەری پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق (فاکتەری جوگرافی، فاکتەری ئاینی، فاکتەری سیاسی و جیۆپۆلەتیکی، فاکتەری ئابوری و بازرگانی). **بەشی سێیەم:** باسی یەکەم: ئاڵنگارییەکانی پرۆژەی رێگای گەشەپێدان و کاریگەری لەسەر ئێران: لە (رووی سیاسی، لەرووی ئابوری). باسی دووەم: پرۆژەی رێگای گەشەپێدان و ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران:

## بەشی یەکەم

### باسی یەکەم: ناساندنی پرۆژەکە

پرۆژەی (کەناڵی وشك)، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (رێگای گەشەپێدان). پرۆژەیەکی عێراقییە و بیرۆکەکەی لەلایەن محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ لە (٢٧ ئایاری ٢٠٢٣)دا لەمیانی کۆنفرانسی بەرپرسانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو(قەتەر ، ئیمارات، کوەیت، سعودیە، عومان، ئێران، تورکیا، سووریا و ئوردن) لە بەغدادی پایتەختی عێراق خرایەڕوو و شوێنی جوگرافی و خاڵی دەسپێکی پرۆژەکە لە عێراقەوە چێ دەبێت و هەوڵدەدات مۆدێلێکی نوێ لە ژێرخانی رێگاوبان و هێڵی ئاسن بوونیاد بنێت، عێراق بکاتە دەروازایەك بۆ پەرەپێدانی بازرگانی و پەیوەندی سنووری نەك تەنها لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا بەڵکو ئامانجی بەستنەوەی هەر سێ کیشوەری (ئاسیا و ئەوروپا و ئەفەریقا)یە.***(Hasan. H, 2024, P: 3)*** پرۆژەی رێگای گەشەپێدان بریتییە لە دوو بەش، بەشی یەکەم: پەرەپێدانی بەندەری فاو، بەشی دووەم: دروستکردنی رێگاوبانی خێرا بە درێژایی (١١٩٠)کم و هێڵی ئاسن (١١٧٥)کم. کە دەبێتەهۆی کورتکردنەوەی مەودای گواستنەوەی نێوان ئاسیا و ئەوروپا لە رێگەی خاکی تورکیاوە. خاڵی دەسپێکی پرۆژەکە لە بەندەری (فاو) لە عێراقەوە دەست پێدەکات و پاشان بە شارەکانی عێراقدا تێپەڕ دەبێت و لە دەروازەی فیشخاپوو رەوە دەچێتە تورکیا پاشان لە تورکیاوە بۆ ئەوروپا بەندەری رۆتردام لە هۆڵندا دەبێتە کۆتا خاڵی پرۆژەکە و کۆی تێچوەکەی (١٧)ملیار دۆلارە ***(أمين، حافظ عبدالأمير، واخرون، ٢٠٢٣، ص٢١٢).*** (نەخشەی ١)

پرۆژەکە بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێت: قۆناغی یەکەم: لەساڵی (٢٠٢٣)وە دەست پێدەکات ساڵی (٢٠٢٨)کۆتایی دێت، لەم قۆناغەدا بەندەری فاو ئامادەیە و دەتوانێت کەشتی وەربگرێت. قۆناغی دووەم: لە ساڵی (٢٠٢٨) تاوەکو ساڵی (٢٠٣٨) دەخایەنێت، ئەم قۆناغە بە تەواوبوونی رێگای وشکانی و سەرجەم پێویستیەکانی هێڵی ئاسن(شەمەندەفەر) و رێگای خێرای

ئۆتۆمبێل کۆتایی دێت. بڕیارە قۆناغی سێیەم: کۆتا قۆناغی پرۆژەکە ساڵی(٢٠٣٨) دەست پێ بکات لە ساڵی(٢٠٥٠) تەواوبێت، کە وادەی تەواوبوونی سەرجەم کارەکانی بیناسازییە لە بەندەری فاو و تەواوی کارەکانی پرۆژەی (ڕێگای گەشەپێدان)ە. ***(یاسین، فیصل عبداللطیف، ٢٠٢٤، ص٥١٦).*** هەروەها دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆژەکەش کێشەی پارەدارکردن و جێبەجێکردن و گەندەڵی و لاوازی حوکمڕانی و کێشە ناوخۆییەکان و لێکەوتە جیۆپۆلەتیکیەکان، لەگەڵ لەمپەرەکانی تر***(د. نسرين رياض شنشول، د. ريام علي حسين، 17/3/2024، ص٦).*** بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١)، زانیاریە گشتییەکان دەربارەی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان**

| بابەت | داتا و زانیارییەکانی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان |
|---|---|
| ناوی پرۆژە | پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان (مشروع طريق التنمية– The Development Road Project). |
| ماوەی جێبەجێکردن | (٢٠٢٣ بۆ ٢٠٥٠) |
| پلانی جێبەجێکردن قۆناغەکانی پرۆژەکە: | سێ قۆناغ: قۆناغی یەکەم: (٢٠٢٣–٢٠٢٨)<br>قۆناغی دووەم: (٢٠٢٨–٢٠٣٨) قۆناغی سێیەم: (٢٠٣٨–٢٠٥٠) |
| تێچووی پرۆژەکە: | (١٧)ملیار دۆلار |
| قازانجی پرۆژەکە: | (٤,٨٥٠) ملیار دۆلار قازانجی ساڵانە |
| جوگرافیای پرۆژەکە: | عێراق: لەبەندەری فاوە بۆ فیشخابور بە زیاتر لە (١٠)پارێزگادا دەڕوات.<br>تورکیا: لە فیشخابورەوە بۆ بەندەری مێرسین لەسەر دەریای ناوەڕاست. |
| جۆری ڕێگای گواستنەوە | ڕێگای ئاوی پەرەپێدانی (بەندەری فاو)، ڕێگای وشکانی: هێڵی شەمەندەفەر بە درێژایی (١١٧٥)کم. ڕێگەی خێرا(ئۆتۆبان): (١١٩٠)کم |
| وڵاتانی هاریکاری پرۆژەکە | (عێراق، تورکیا، قەتەر، ئیمارات) |

سەرچاوە: مرکز پزوش های اتاق ایران، جاده توسعه عراق: آرزوها و واقعیت ها، ١٤٠٣، ص١١–١٤

**نەخشەی (١)، جوگرافیای پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان**




سەرچاوە: Ranj Alaaldin, Iraq's Development Road Project: A Path to Prosperity or Instability?, Middle East coun on Global Affairs, October 2024 : p4

**باسی دووەم: پێکهاتەکانی پرۆژەکە:**

١. **ڕێگای ئاوی:** بەندەری فاو دەکەوێتە نزیك ناوچە کەناراوییەکانی سێگۆشەی (عێراق–ئێران–کویت) لە پارێزگای بەسرە لە باشوری عێراق، شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی لەنێوان بازنەکانی پانی (٢٩:٩١:٤٨)باکور و هێڵەکانی درێژی (48.44:11) ڕۆژئاوادا هەڵکەوتووە و گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ عێراق و بە جیهانی دەبەستێتەوە. ***(الكعبي، ياسر رحيم كاظم حسين، ٢٠٢٢، ص١٣٤)***. هەرچەندە بەندەرە بازرگانییەکانی عێراق هەموویان دەکەونە پارێزگای بەسرە و بریتین لە: (ئوم قەسری سەروو، ئوم قەسری خواروو، خور ئەلزوبەیر، ئەبو فلوس، ئەلمەقال). بەڵام توانای هەموویان لە بواری بازرگانیدا سنووردارە، چونکە دەکەونە سەر لقە ڕووبار تەنها بەندەری (فاو) نەبێت کراوەیە بەسەر دەریادا. دیارترین تایبەتمەندی بەندەری فاو شوێنە جوگرافییە ستراتیژییەکەیەتی بەوەی ڕاستەوخۆ لە سەر ئاوەکانی کەنداودا هەڵکەوتووە. بەندەری فاو ڕووبەرەکەی (٥٤)کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە بەردی بناغەی پرۆسەی فراوانکردن و پەرەپێدانەکەی دانراوە. ***(Al-Zahidee, A. R. H., & Al-Edam, H. S. M, 2021 p:2187)***. نەخشەی (٢). بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکە (٧)ملیار دۆلار تەرخانکراوە. دیزاینی بەندەرەکە لە لایەن کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری (ئیتاڵی)یەوە پەرەی پێدراوە، لەلایەن کۆمپانیای (دایۆ)ی کۆرییەوە بە بڕی (٢)ملیار و (٦٢٥)میلۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێت. لە قۆناغی یەکەمی پرۆژەکەدا؛ بەشی یەکەمی لەساڵی (٢٠٢١) تەواو بووە و (پێنج) جێگەی سەرەکی لەخۆ دەگرێت و بەشی دووەمی؛ لە ناوەڕاستی (٢٠٢٥) تەواو بێت. بڕیار وایە لە ساڵی (٢٠٢٨) کارەکانی

قۆناغی یەکەمی بەندەرەکە تەواوبێت و بەرووی کەشتیەکاندا بکرێتەوە. ***(Al-Zahidee, A. R. H., & Al-Edam, H. S. M, 2021, p: 3137-3139)***. زانیاری زیاتر لە خشتەی (٢)دایە.

ئەم پرۆژەیە بەندەری فاو دەکات بە خاڵی دەستپێکردن. کار لەسەر کورتکردنەوەی ڕێگای دەریایی دەکات و دەبێتە پرد لەنێوان هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا. بە نموونە کەمکردنەوەی ڕێگەی هاتوچۆی نێوان کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا لە (٣٠ بۆ ٤٠)ڕۆژەوە بۆ (١٥) ڕۆژ. لەگەڵ پلاندانان بۆ گواستنەوەی بۆری بۆ هێڵەکانی گواستنەوەی وزە(نەوت و گاز) لە قۆناغەکانی داهاتوودا. هەروەها گفتوگۆکردن لەگەڵ هەندێك وڵاتی عەرەبی و ناوچەیی کراوە بۆ دۆزینەوەی ڕایەڵەی پەیوەندی ئابوری و بازرگانی و سیاسی و نزیك کردنەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە ڕێگەی گواستنەوەی کاڵاو بەیەکگەیاندنی هێڵەکانی بازرگانی و پیشەسازی. پێدەچێت لە داهاتوودا پرۆژەکە هەریەك لە وڵاتانی سعودیە بە ئامانجی گەیشتن بە بەندەرەکانی دەریای سوور. وڵاتی سوریا بۆ گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست. وڵاتی ئوردن بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەندەری عەقەبە، لەخۆبگرێت و گەیشتن بە ئێران بە ئامانجی گرێدانی ئەو ڕێگەیەی کە بە ئەورێشم ناسراوە. بەمەش خەونە ستراتیژە گەورەکەی عێراق بەدیدێت. ***(الشمري، احسان، مركز خليج للأبحاث، ٢نوفمبر٢٠٢٣)***.

**خشتەی (٢)، تایبەتمەندییەکانی (بەندەری فاو) و گرنگیەکەی لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا**

| بەندەری فاو | تایبەتمەندی |
|---|---|
| شوێنی جوگرافی بەندەرەکە | باشوری عێراق لە شاری بەسرە |
| شوێنی ئەسترۆنۆمییەکەی | لە نێوان بازنەکانی پانی (٢٩:٩١:٤٨)باکور و هێڵەکانی درێژی (48.44:11)ڕۆژئاوا |
| پێگەی بەندەرەکە | یەکەمین بەندەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەیەمینی جیهانە |
| ڕووبەری بەندەرەکە | (٥٤) کیلۆمەتر چوارگۆشە |
| درێژی بەندەرەکە | (٦٧٠٠) مەتر |
| پانی بەندەرەکە | (٢١٩٠) مەتر |
| قوڵی بەندەرەکە | (١٩) مەتر |
| شوێنی هەڵگرتنی کۆنتێنەرەکان لە بەندەرەکە | (٣٩)هەزار مەتر چوارگۆشەیە |
| توانای بەندەرەکە | وەرگرتنی (٩٩) ملیۆن تەن کاڵاو شتومەکە لە ساڵێکدا |
| تێچووی پەرەپێدانی بەندەرەکە | (٧) ملیار دۆلارە |

سەرچاوە: صدرالدين، كاظم احمد، ڕێگەی گەشەپێدان وەك پرۆژەیەکی کیشوەر بڕ، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٢٢، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤، ل٣٥

**نەخشەی (٢) شوێنی جوگرافی بەندەری فاو لە باشوری عێراق لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا**




سەرچاوە: Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024

**٢. ڕێگای وشکانی(هێڵی شەمەندەفەر و گواستنەوەی ڕێگای خێرای ئۆتۆمبێل)**

**أ. ڕێگای خێرای گواستنەوە-ئۆتۆمبێل(Highways):** ئەم ڕێگایە درێژییەکەی (١١٩٠)کم، پانی هێڵەکە (٣,٦٥)مەتر لەخۆدەگرێت، کە دابەشکراوە بەسەر (٢٢) ناوچەی خزمەتگوزاری بۆ بارهەڵگرەکان، (٨) ناوچەی خزمەتگوزاری بۆ ئۆتۆمبێلەکان و (٢٦) ناوچەی خزمەتگوزاری و (٢٤) شوێنێ تر بۆ پشوودان تەیار کراوە بە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە گەشتیار و سەرنشین پێویستی پێیەتی، لەگەڵ (١١) شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆر و (٢٦) شوێنی ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ گواستنەوەی گشتی و (١٥) وێستگە، کە پۆلێن دەکرێن بۆ (٣) وێستگەی سەرەکی گەورە و (٨) وێستگەی ناوەندی و (٤) وێستگەی بچووک و (٦) خاڵی پشکنین و (٦) ناوەندی ئاسانکاری، کۆی تێچووی ڕێگای گواستنەوەی خێراکە بە (٦,٥)ملیۆن دۆلار خەملێنراوە.

**ب. هێڵی ئاسن-شەمەندەفەر(Railways):** درێژی هێڵەکە(١١٧٥)کم، خێرایی شەمەندەفەرەکان لەنێوان (١٤٠)کم/کاتژمێردا. بۆ گواستنەوەی کاڵا و (٣٠٠)کم/کاتژمێر بۆ گواستنەوەی گەشتیار و سەرنشینەکان ڕۆژانە (٨٠-٩٠)شەمەندەفەر لە ڕێگاکەدا هاتووچۆ دەکەن ولەماوەی (١٢)کاتژمێردا مەودای کەمتر لە (٦٠٠)کم دەبڕن. ڕێگای سەرەکی وشکانی هاوتەریب لەگەڵ ڕێگای شەمەندەفەردا دەڕوات. ئەو ڕێگایە لە دەرەوەی ناوەندی شارەکانە و ناوچە بیابانییەکان هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی سوود لە سروشتی زەوییەکەی وەربگیرێت. هەردوو ڕێگاکە لە باشوری عێراق و لە بەندەری فاوەوە بە دوو ئاراستەی جیاواز دەست پێدەکەن و لە باکوری پارێزگای کەربەلا بەیەك دەگەن و دوای ئەوە شان بەشانی یەکتر درێژدەبنەوە تا دەگەنە فیشخابوو لە نزیك سێ گۆشەی (عێراق-سوریا-تورکیا). گرنگی ئەم ڕێگایانە لەوەدایە جگەلە کارئاسانی بۆ گواستنەوەی دانیشتوانی وڵات کاڵای وڵاتانی کەنداو


دەگوازنەوە بۆ تورکیا لەوێوە بۆ ئەوروپا. ***(بخيت، حيدر نعمة، ٢٠٢٣، ص١٨).*** (نەخشەی ٣). هەر لە پرۆژەکەدا ئەوەش پێشنیار کراوە بایەخ بە نۆژەنکردنەوەی هێڵەکانی ئاسن بدرێت بە بونیادنانی ژێرخانی ئابوری گرنگ لەڕێگەی دامەزراندنی ڕێگاوبان و کارئاسانی بۆ گواستنەوە و بازرگانی. ئامانج لە پرۆژەکە بەستنەوەی وڵاتانی درهاوسێیە لە داهاتوودا لەڕێگەی هێڵەکانی گواستنەوە ودامەزراندنی ژێرخانی گەشتیاری بە دابینکردنی ئاسانکارییە گەشتیارییەکان. هەروەها دروستکردنی شارە پیشەسازییەکان و دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی مۆدێرن بەشێوەیەك خزمەت بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان بکات. ***(المشهداني، بان علي حسين ، ٢٠٢٣، ص١٤٧).*** وەبەرهێنان لە زەویە کشتوکاڵیەکان و ئاسانکاری بۆ ساخکردنەوەی بەرهوومی جوتیاران، ئەمە دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ شارانەی کە دەکەونە سەر ڕێگای گەشەپێدان. خشتەی (٣)

**خشتەی (٣) بەراوردی نێوان ڕێگاکانی هاتووچۆ لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا**

| ڕێگای ئاسن(شەمەندەفەر) | | ڕێگای ئۆتۆمبێلی خێرا | |
|---|---|---|---|
| درێژی هێڵی ئاسن | (١١٧٥)کم | درێژی ڕێگای ئۆتۆمبێل | (١١٩٠)کم |
| ژمارەی شەمەندەفەر | (٨٠-٩٠) شەمەندەفەر | پانی ڕێگاکە | (٣,٦٥)م |
| وێستگەی شەمەندەفەر | (١٥) دانە | وێستگەکانی خزمەتگوزاری | (١٥) دانە |
| ناوچە جۆراوجۆرەکان | (٤) دانە | شوێنی ئامادەکاری بۆ پشوودان | (٢٤) دانە |
| وێستگەی ڕێبواران | (١٥) دانە | ناوەندە ئاسانکارییە کردارییەکان | (٦) دانە |
| ناوەندی چاکسازی هێڵەکان | (٢٠) دانە | شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆر | (١١) دانە |
| ناوەندەکانی کردارەکانی کۆنترۆڵکردن | (٢) دانە | خاڵی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ گواستنەوەی گشتی | (٢٦) دانە |
| ناوەندەکانی ڕاهێنان | (٣) دانە | خاڵی پشکنین | (٦) دانە |
| خێرایی شەمەندەفەر<br>خێرایی شەمەندەفەر | (١٤٠)کم/لە کاتژمێرێکدا<br>(٣٠٠)کم/لە کاتژمێرێکدا | شوێنی خزمەتگوزاری ئامادەکاری بۆ بارهەڵگرەکان | (٢٢) دانە |
| وێستگەکانی کارەبا | (٢٠) دانە | ناوچەکانی خزمەتگوزاری | (٢٦) دانە |
| تێچووی هێڵی ئاسن | (١٠,٥) ملیۆن دۆلار | تێچووی ڕێگای ئۆتۆمبێل | (٦,٥) ملیۆن دۆلار |

سەرچاوە: بخيت، حيدر نعمة، طريق التنمية العراقي فرص تنموية واعدة وتحديات كبيرة، مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٣، ص١٨

**نەخشەی (٣) دابەشبوونی ویستگەکانی ڕێگاوبان لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا**




سەرچاوە: Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024, p:19

## بەشی دووەم:

## باسی یەکەم: کاریگەرییەکانی پرۆژەکە

### ١. لەسەر ئاستی ناوخۆیی:

عێراق ڕێگای گەشەپێدانی بە پرۆژەیەکی گەورە ناساندوە بۆ سوود وەرگرتن لە پێگەی جوگرافیی وڵاتەکەی و تێگەیشتن لە بایەخی سنوورە فراوانەکانی. خۆئەگەر پلانەکانی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت. پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق وەک ڕێرەوێکی بازرگانی بەهێز دەردەکەوێت و داهاتی دارایی و هەلی کار دەڕەخسێنێت، کە پشت بەستنی دەوڵەت بە نەوت و هایدرۆکاربۆنەکان کەم دەکاتەوە. لە بەرامبەردا دابینکردنی هەلی کار لە کەرتی (گشتی و تایبەت)دا بۆ گەنجان و دانیشتوانی وڵات فەراهەم دەکات. پرۆژەکە بلاتفۆڕمێکە دەبێتە هەوڵێک بۆ ناساندنی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان کە بتوانێت وڵات لە ڕووی سیاسییەوە سەقامگیر بکات و ئاکامە زیانبەخشەکانی ئابووری بەرخۆر و بەکارهێن کەم بکاتەوە. ***(Harith. H, 2024, p:18)***. لەمەڕ توانا و کاریگەری پرۆژەکە لەسەر ئاستی ناوخۆ داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن، بەهۆی پێکەوەبەستنی ڕێگای خێرای نێوان باشووری عێراق و تورکیا. دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە لە قۆناغی یەکەمدا (سێ) ملیۆن و (٥٠٠) هەزار کۆنتێنەر کەلوپەل بگوازرێتەوە کە یەکسانە بە (٢٢) ملیۆن تەنی ساڵانە تا ساڵی (٢٠٢٨). هەروەها لە قۆناغی دووەمدا توانای زیادکردنی بۆ (٧,٥) ملیۆن کۆنتێنەرە بەرزدەبێتەوە، لەپاش جێگیرکردنی (٨٠-٩٠) شەمەندەفەر و هاتوچۆپێکردنی لە ڕۆژێکدا. ئەمە جگەلەوەی بڕیارە حکومەتی عێراق شاری پیشەسازی و دامەزراوەی خزمەتگوزاری بەدرێژایی ڕێگاکە دابمەزرێنێت، کە نزیکەی (٢٢٠٠)کم دەبێت. ***(الزيادي، رحاب، المركز مصرى للفكر والدراسات الاستراتيجية، ٢٠٢٣/٥/٧)***. لەلایەکی ترەوە پێشبینی دەکرێت پرۆژەکە ڕۆڵی هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی بێکاری، بەشێوەیەك هەلی کاری ڕاستەوخۆ بۆ نزیکەی (١٠٠) هەزار کەس و هەلی کاری ناڕاستەوخۆ بۆ (٥٠٠) هەزار کەس لە عێراقدا بڕەخسێنێت


و داهاتی ساڵانەی بەلایەنی کەم لە قۆناغی یەکەمدا بۆ عێراق زیاتر بێت لە (٤) ملیار دۆلار. کاریگەری هەبێت لەسەر داهاتی تاکەکەس لە وڵاتدا و کەمبوونەوەی بێکاری و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکی عێراقی. هاندەریشە بۆ کەمکردنەوەی پشت بەستن بە داهاتی نەوتی و زیادکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدانی بەردەوام. ***(عارەب، سیروان، ماڵپەڕی ڕێگەی کوردستان، ١٨ی ئابی ٢٠٢٤).***

**٢. لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەیی:**

عێراق پێویستی بە ڕۆڵ بینینە لەسەر ئاستی هەرێمی، لە ئێستادا هەلێکی باشی لەبەردەستە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە نەخشەی جوگرافیای داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابڕێژێتەوە. لە ئەگەری سەرکەوتنی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا دۆخێکی هەرێمی گرنگ بۆ عێراق دێتە ئاراوە، وڵاتەکە وەك هێزێکی کاریگەری هەرێمی لە گۆڕەپانەکەدا دەردەکەوێت وا لە وڵاتانی تری ناوچەکە دەکات ئارەزووی ئەوە بکەن ببن بە بەشێك لە پرۆژەکەی. ئەگەرچی ئەو پرۆژەیە لەئێستادا وەك پرۆژەیەکی بازرگانی و ئابوری دەناسێنرێت و کەنداوی عەرەبی بە تورکیاوە دەبەستێت. وا لە عێراق دەکات ڕاستەوخۆ ببێتە ڕێڕەوێکی وشکانی و کەنداو بە دەریاری ناوەڕاستەوە ببەستێتەوە. هەروەها ناڕاستەوخۆش عێراق لە ڕێگای خاکی سعوودییەوە ببێتە ڕێڕەوێکی وشکانی تا بە دەریای سووری ببەستێتەوە، بەمەش عێراق دەبێتە سەنتەرێکی ستراتیژی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانیش پێگەیەکی هەرێمی گرنگ بە وڵاتەکە دەبەخشێت و دەبێتە پرۆژەیەکی کیشوەر بڕ. ***(صدرالدين، كاظم أحمد، ٢٠٢٤، ل٣٩).***

ئامانجە ئابوریەکانی پرۆژەکە لەسەر ئاستی هەرێمی بریتییە لە پێشخستنی گەشەپێدانی ئابوری هەرێمی بە زیادکردنی جوڵەی بازرگانی و پەرەپێدانی ڕێگاکانی گواستنەوە و بایەخدان بە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان. هەروەك چۆن خەونی بەدیهێنانی ئابوریەکی بەهێز و ڕەخساندنی کەشێکی ئەرێنی و بەشداریکردنە لە زامنکردنی سەقامگیری ناوچەکە، لەڕێگەی پێشخستنی گەشەپێدانی ئابوری لە سەر ئاستی هەرێمی و گەڵاڵەکردنی پرۆژەی هاوبەش و کردنەوەی دەلاقەیەکی نوێیە بە بەشداری پێکردنی وڵاتانی درهاوسێ. لە قۆناغێکدا سوود وەرگرتن لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، ئاسانکاری دەکات بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی پەرەپێدان لە کەرتە جیاوازەکانی وەک: وزە، بازرگانی، گەشتیاری، و خزمەتگوزاری لۆجستی. ***(غلو، سرحات سها كوبكجو، مركز كربلا الدراسات الاستراتيجية، ١٣مارس٢٠٢٤).*** بەمەش دەکرێت لە ئایندەی نەخشەی ئابوری و بازرگانی و جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، عێراق ببێتە خاڵی دەستپێك و تێپەڕین بەرەو سێ دەریاکە(کەنداوی عەرەب، دەریای سوور، دەریای ناوەڕاست). چونکە لەلایەك ئێران بە پێگەی نایابەکەی لەسەر ئاوی کەنداو، هەروەها تورکیا بە شوێنە جوگرافییە کاریگەرەکەی لەسەر ئاوی دەریای سپی ناوەڕاست و سعوودیەش بە پێگە لەبارەکەی لەسەر دەریای سوور، ڕەنگە لە ئایندەدا زیاتر پێویستیان بە جوگرافیای عێراقی بێت. بۆ ئەوەی عێراق ببێتە سەرە ڕێیەکی بازرگانی و ستراتیژی و ناوەندی بەستنەوەی ئەو سێ دەریایە. کەشێکی هەرێمی بخولقێت و وڵاتانی ناوچەکەش بتوانن سوود لە جوگرافیای عێراق وەربگرن تا لەو ڕێگایەوە ڕێڕەوی ئابووری خۆیان فراوانتر بکەن و چانسیان هەبێت لە جموجوڵە بازرگانیەکانی ناوچەکە. سەرکەوتنی عێراق لە جێبەجێکردنی پلانی پرۆژەکە وا لە عێراق دەکات کە ببێتە هێزێکی نوێی جێپۆلەتیکی و سەنتەرێك بۆ تەواوکاری هەرێمی و فاکتەرێك بۆ سەقامگیری و هاوسەنگی لە ناوچەکەدا. ***(ئەلیاس، فیراس، ماڵپەڕی IGFA، ٤تەموزی٢٠٢٤).*** (نەخشەی ٤).

**نەخشەی (٤) پێگەی عێراق لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا لە سەر ئاستی هەرێمی**





سەرچاوە: Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024

**٣. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:**

عێراق پێویستی بە کرانەوەیە لەسەر ئاستی نێوەوڵەتی، هاوکێشە سیاسی و ئابوری و بازرگانییەکان لەم جیهانە جەنجاڵەدا پێویستیان بە گرنگیدان بە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و کرانەوە و خوێندنەوەی هاوکێشە نوییەکان و تێگەیشتنە لە نەزمی جیهانی نوێ. پلاندان و کارکردن بۆ هەمەچەشنکردنی ئابوری و سەرچاوەکانی داهات، بەمەبەستی کەمکردنەوەی پشتبەستنی تەواوەتی بە داهاتی نەوت، وا ئەکات هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە. عێراقیش وەک سعودیە و میسر و وڵاتانی دیکەی کەنداو، شاهیدی گۆڕانی بەرژەوندییە بەرەو پرۆژەی گەورە و بازرگانی سنوور بەزێن. پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەرفەتێکی ناوازەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە. ***(حاجی مارف، عوسمان، ماڵپەڕی سپی میدیا، ٢٠٢٤/٤/١٦)***. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە عێراق دەبێت شوێنێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە لە نێوان کێبڕکێی جیۆئیکۆنۆمی و جیۆپۆلەتیکیەکان لە ناوچەکەدا. لەکاتێکدا چەندین پرۆژەی ئەلتەرناتیڤ لەڕووی پەیوەندییە بازرگانییەکانەوە خراونەتەڕوو وەك: دەستپێشخەری چین بۆ (ڕێڕەوی یەك پشتێنە و یەك ڕێگا)، ڕێڕەوی ئابووری (هیندستان–ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست–ئەوروپا) و خواستەکانی ئێرانیش بۆ بوون بە پلاتفۆرمی بازرگانی ناوچەیی. ***(Harith. H, 2024, p:18)***. نەخشەی (٥) گرنگی پرۆژەکە لەوەدایە عێراق دەخاتەسەر ڕێڕەوی بازرگانی جیهانی و کار لەسەر کورتکردنەوەی ڕێگای دەریایی دەکات و دەبێتە پرد لەنێوان هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا. بە نموونە کەمکردنەوەی ڕێگەی هاتوچۆی نێوان کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا لە (٣٠ بۆ ٤٠)ڕۆژەوە بۆ (١٥) ڕۆژ. لەگەڵ پلاندانان بۆ گواستنەوەی بۆری بۆ هێڵەکانی گواستنەوە ی وزە(نەوت و گاز) لە قۆناغەکانی داهاتوودا. هەروەها گفتوگۆکردن لەگەڵ هەندێك لە وڵاتانی نێودەوڵەتی بۆ دۆزینەوە ڕایەڵەی پەیوەندی ئابوری و بازرگانی و سیاسی و نزیك کردنەوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە ڕێگەی گواستنەوەی کاڵاو بەیەکگەیاندنی هێڵەکانی بازرگانی و پیشەسازی. ***(الشمري، احسان، مصدر سابق، ٢نوفمبر٢٠٢٣)***. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا زیاتر لە (٢٥) دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە ناڕاستەخۆش زیاتر لە (١٠٠) وڵات سوودمەند دەبن لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا، بە وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی پیشەسازییەوە. کە ئەمە وادەکات عێراق لەڕووی

پێگەی ئابوری و سیاسییەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهاندا لەپەراویزدا نەمێنێتەوە. ***(عارەب، سیروان، سەرچاوەی پێشوو، ١٨ی ئابی ٢٠٢٤).***

**نەخشەی (٥)، پێگەی عێراق لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی**




سەرچاوە: Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024, p:43

**باسی دووەم: مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران و فاکتەرەکانی کاریگەری پەیوەندییەکانی نێوانیان:**

**یەکەم: مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران:**

مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە دێرزەمانەوە هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆوە بینیوە، هەرچەندە دوای دامەزراندنی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە ساڵی (١٩٢١)، عێراق داوای لە وڵاتان کرد دانیپێدابنێن. ئێران سوودی لە دۆخەکە وەرگرت، بە ئامانجی سەپاندنی مەرج بۆ گەیشتن بە هەندێک دەستکەوت لە خاکی عێراقدا، ئەم تەماحە بووەهۆی ئاڵۆزکردنی دۆخەکە و هێرشی کردە سەر بەسرە، و داوای مافەکانی کرد لە ئاوەکانی کەنداوی عەرەبیدا. ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٣٧)دا هەردوو وڵات لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی (ئەستانە) و کۆنووسی کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆنی ساڵی (١٩١٤) پەیماننامەیەکی سنووری نوێیان واژۆ کرد. دواتر لە ساڵی (١٩٦٩)، شای ئێران تاک لایەنە هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی ساڵی (١٩٣٧)ی ڕاگەیاند. ***(طوالبة، حسن محمد، ١٩٨٤، ص٥٢).*** ئەم ململانێیە درێژەی کێشا هەتا ڕێکەوتنامەی (٦ی ئازاری ١٩٧٥)، کە بەڕێکەوتننامەی جەزائیر ناسراوە، ئەم ڕێکەوتنە بە ئامانجی کۆتایهێنان بە پرسی سنوورە وشکانی و ئاوییەکانی نێوان هەردوولا و پاراستنی ئاسایشی وڵات ئەنجامدرا، بەڵام ڕێکەوتنەکە وەك سەرکەوتنێك بۆ ئێران وێناکرا و باڵادەستی ئێرانی بەسەر کەنداوی عەرەبیدا سەپاند، پاشان عێراق خواستی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەکە هەبوو، بە بەهانەی ئەوەی بڕگەکانی لەسەر بنەمای دادپەروەری نێوان هەردوو وڵات دانەڕێژراوە ***(العبيدي، عبدالرحمان عبدالكريم عبدالستار، ٢٠١١، ص٣٠).*** ئەم دۆخە درێژەی کێشا هەتا دوای ئاڵوگۆڕی ڕژێمی سیاسی ئێران، لەپاشان پەیوەندی نێوان (عێراق و ئێران) بە تەواوی گۆڕا بۆ دوژمنایەتی، بەو تێڕوانینەی کە هەریەکەیان هەڕەشەیە بۆ سەر ئەوی دیکەیان، لەپاشان گرژییەکە پەرەسەند بۆ شەڕێکی هەمەلایەنە بە تێچوویەکی زۆرەوە، ماوەی هەشت ساڵی خایاند لە ساڵی (١٩٨٠-١٩٨٨). دەرەنجام بووەهۆی گەڕانەوەی سەروەری عێراق

بەسەر تەواوی کەنداوی عەرەب و لاوازکردنی دەسەڵاتی ئێران. ***(مزوری، محمد سليم، الموقع k24، تموز ٢٠٢٤)***. دواتر ئەم دۆخە وەك خۆی مایەوە هەتا پرۆسەی ئازادی عێراق لە (٩ی نیسانی ٢٠٠٣)، کە دوای (٣٥)ساڵ فەرمانڕەوایی ڕژێمی بەعس کۆتایی پێهات، ئەمە دەرفەتی بۆ ئێران ڕەخساند کە گرژییەکانی ڕابردوو بگۆڕێت بۆ پەیوەندی دۆستانە هەماهەنگی لەڕێگەی هاوکاری ئابوری و بواری جۆراوجۆر، ***(الخزرجي، حمد جاسم محمد، خليل جودة عبد الفخاجي، ٢٠٢٢، ٤١٢)***. نەك هەر ئەوە بەڵکو لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە ئەمەریکا گەورەترین دوژمن و بەربەستی لەبەردەم ئێراندا لابرد کە ڕژێمی بەعس بوو، بەمەش ئێران توانی دەست وەردان بکات لە عێراقدا لەڕێگەی ئەو هێزە شیعانەی کە نزیکن لێوەی و هەژمونی خۆی بەسەر وڵاتەکەدا بسەپێنێت. ئەمە وایکرد ئێران ئامادەیی تەواوی لە عێراقدا هەبێت و پێگەی خۆی بەهێز بکات. نەك هەر ئەوە بەڵکو عێراق بووەتە دەروازەیەك و گرنگترین ئەڵقەی ستراتیژی هەرێمی بۆ ئێران و هەژموونی ئێرانی لە دەریای خەزەرەوە تا ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین درێژ کردوەتەوە. ***(بورصة، رمضان، الموقع الجزيرة، ٣٠/١٠/٢٠٢٤)***.

**دووەم: فاکتەرەکانی کاریگەری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران:**

**١. فاکتەری جوگرافی(درهاوسێیەتی و سنوور):**

عێراق و ئێران وەك دوو درهاوسێی یەکتر پەیوەندیەکی جوگرافی پێکەوە دەیان بەستێتەوە کە خۆی لە سنورێکی هاوبەشی نێوان هەردوولادا دەبینێتەوە، هەرچەندە لە ڕابردوودا فاکتەری جوگرافی و هێڵەکانی سنوور لەنێوان ئێران و عێراقدا، یەك لە هۆکارەکانی ململانێ و گرژی نێوان ئەم دوو وڵاتە درهاوسێیە بوو، هەرچەند ئەم فاکتەرە وەك میراتێك ڕەگێکی قوڵی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (عوسمانی و سەفەوی)، کە لەپێناو کەم کردنەوەی گرژییەکان بەهۆی سنوورەکانەوە هەردوو لا ناچاربوون چەندین پەیمانی وەك (پەیماننامەی ئەرزرۆمی یەکەم ساڵی (١٨٢٣)، پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم ساڵی(١٨٤٧)، پرۆتۆکۆڵی ئەستانە ساڵی(١٩١٣)، کۆنووسی کۆمیتەی دیاریکردنی سنوور ساڵی(١٩١٤)، پەیماننامەی زەهاو ساڵی(١٩٣٧)، ڕێکەوتننامەی جەزائیر ساڵی(١٩٧٥)ی ببەستن). بەڵام بەردەوام یەکتریان تاوەنبارکردوە بە پێشێلکردنی سنوورەکانیان. ***(أحمد، بيداء محمود، ٢٠٠٦، ص١٠١)***. لەگەڵ ئەوەشدا عێراق لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنووره لەگەڵ ئێراندا و خاوەن سنوورێکی فراوانە بە درێژایی (١٣٠٠)کم، بە ڕێژەی (37,55)، لە کۆی درێژی سنوورەکانی عێراق لەگەڵ هەموو وڵاتان کە دەکاتە (٣٤٦٢)کم، (خشتەی ٤). بەشی هەرەزۆری سنوورەکەی شاخاوییە، جگەلە کۆتاییەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا نەبێت، هەرچی سنووری ناوچە شاخاوییەکەیە. لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە بەرزییەکەی لە نێوان (١١٠٠-٥٠٠٠) پێ دایە. بەڵام سنوورەکانی بەشی باشوور دەکەوێتە دەشتەکانی ئەهواز، ئەمە جگەلەوەی سنووری ئاوی نێوان عێراق و ئێران دەکەوێتە کەنداوی عەرەبیەوە. ***(كاظم، ظلال جواد، ٢٠٠٥، ص٨)***. بەڵام لەدوای (٢٠٠٣)ەوە دارشتنەوەی پەیوەندی فاکتەری سنوور لە نێوان عێراق و ئێران لەسەر بنەمای پەیوەندی درهاوسێیەتی و ڕێزگرتن لە بەرژوەندی هەردوولا دارێژراوە. (نەخشەی ٦)


**خشتەی (٤)، درێژی سنوری عێراق لەگەڵ وڵاتانی درهاوسێی**

| وڵات | درێژی بە کم | ڕێژە % |
|---|---|---|
| ئێران | ١٣٠٠ | 37,55 |

| | | |
|---|---|---|
| سعوديه | 812 | 23,45 |
| سوريا | 600 | 17,33 |
| توركيا | 377 | 10,90 |
| كويت | 198 | 5,63 |
| ئوردن | 178 | 5,14 |
| كۆی گشتی | 3462 | %١٠٠ |


سەرچاوە: ياسر رحيم كاظم حسين الكعبي، العلاقات العراقية الكويتية بعد عام ١٩٩١، رسالة ماجستير(غير منشورة)، قسم الجغرافية التطبيقية، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة كربلاء، ٢٠٢٢، ص١٦

**شێوەی (١)، سنوری نێوان عێراق و وڵاتانی درهاوسێ بە ڕێژە %**




سەرچاوە پشت بە: كاری توێژەر پشت بەست بە داتاكانی خشتەی (٤).

**نەخشەی ژمارە (٦)، نەخشەی جوگرافيای عێراق بەگوێرەی سنوورەكانی**




المصدر : ابراهيم حلمي الغوري، اطلس العالم، دار المشرق العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة السادسة، سوريا، ٢٠٠٦، ص٣٦

**٢. فاکتەری ئاینی:**

بنەمای مەزهەبی هاندەر و فاکتەرێکە بۆ دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان عێراق و ئێراندا بەوپێیەی ئێران دەوڵەتێکی شیعە مەزهەبە و دانیشتوانی عێراقیش ژمارەیەکی زۆریان شیعە مەزهەبن، بۆیە عێراق، لای ئێران سەنگ و پێگەیەکی ئاینی گرنگی هەیە لای شیعەکان، بەهۆی بوونی مەزارگە پیرۆزەکان لە عێراق بەتایبەتی لە پارێزگاکانی نەجەف و کەربەلا، ئەمە وایکردوە پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات بەهایەکی مێژوویی و ئایینییان هەبێت ***(حسن، عمار موري، ٢٩١٧، ص١٥٧)***. ساڵانە ملیۆنان زیارەتکاری شیعەی ئێرانی لە بۆنە جیاوازەکانیاندا سەردانی عێراق دەکەن بەپێچەوانەشەوە شیعەکانی عێراق سەردانی مەزارگە پیرۆزەکانی ئێران دەکەن لە مەشهەد و قوم، هەربۆیە میراتی هاوبەشی مەزهەبی نێوانیان لەسەربنەمای شیعەگەرایی بۆ ئێران وەك هەناردەکاری بیری شیعەگەرایی گرنگییەکی زۆری هەیە. چونکە عێراق شوێنی هەندێ لە پێگە ئاینییە پیرۆزەکانە، کە نەك تەنها لای ئێران بەڵکو لای شیعەکانی جیهان ڕێزلێگیراون، ئەمەش وادەکات سەرنجی زیارەتکارانی ئێرانی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بەمەش تاران دەتوانێت کاریگەری ئایینی لە عێراق و ناوچەکەدا بسەپێنێت. جیالەوەی لەڕووی پێکهاتەی مەزهەبییەوە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق شیعە مەزهەبە و هاوبەشی پێگەی ئایینی و مەزهەبی و کەلتوری کۆمەڵگای عێراقی و ئێرانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ***(الجبوری، عادل، الموقع میادین نت، ٢٠٢٣/٢/٩)***. لە ئێستادا ئێران لەسەر بنەمای دوو داینامیکی سەرەکی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا گرێدەدات ئەوانیش (جیۆپۆلەتیک، ئایین)ە. سەبارەت بە ستراتیژی ئایینی، ئێران لە ڕێگەی نەجەف

و كەربەلا نفوزی خۆی بەڕێوە دەبات، بەڵام ئەوەی گرفتە ناکۆکی نێوان ئێران و پیاوانی ئاینی نەجەف بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو توندتر بووەتەوە. لە کۆتاییدا ڕەنگە جیاوازی دیدگای نەجەف لەگەڵ ئێران سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە عێراقی و هەرێمیەکان، ببێتەهۆی پەرەسەندنی ڕکابەرییە مێژووییەکانی نێوان حەوزەی نەجەف و حەوزەی قومی ئێران، کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕۆڵی ئێران لە داهاتووی عێراقدا هەبێت. ***(بورصة، رمضان، مصدر سابق، ٢٠٢٤/١٠/٣٠).***

**٣. فاکتەری سیاسی و جیۆپۆلەتیکی:**

ئێران و عێراق لە ڕوانگەی جیۆپۆلیتیکییەوە دوو دراوسێی هەرە گرنگن بۆ یەکتر و هەر یەکێکیان دەروازەیەکە بۆ ئەوی دیکەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیادا. بەرژەوەندی هاوبەش و هەماهەنگی جیۆپۆلەتیکی لە نێوان هەردوو وڵاتدا کارێکی وایکردوە، کە ئێران بەبێ هاوکاری و بەشداری عێراق نەتوانێت چوارچێوەی ئەمنی لە ناوچەکەدا بە تەنیا دابڕێژێت و هاوسەنگیەکی بەردەوام بەبێ هەماهەنگی سیاسی و ئەمنی و ئابووری لە نێوان هەردوو وڵاتدا بەدی نەیەت. ***(عقيل، زينب، الموقع الخنادق، ٢٠٢٣/٢/٦)***، سەرباری ئەوەی لەڕووی جیۆپۆلەتیکیەوە عێراق بەرەیەکی ستراتیژی بۆ ئێران پێکدەهێنێت، بەهۆی هەڵکەوتەی ستراتیژی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزە دژانەی ئێران کە لە نزیک سنوورەکانی جێگیرکراون. ئەم شوێنە ستراتیژییە لەگەڵ ئامانجە جیۆپۆلیتیکییە هەرێمایەتییەکانی تاراندا دەگونجێت لەوانە کەمکردنەوەی نفوزی سەربازیی دەرەکی لە ناوچەکانی دراوسێیدا. جگەلەوەش هەماهەنگی نێوان ئاراستەی سیاسی عێراق و ئاراستەی ئێران، پێگەی ناوچەیی ئێران بە گشتی بەهێزتر دەکات و دەبێتەهۆی بەرپەرچدانەوەی کاریگەریی ڕکابەرە هەرێمییەکانی وەك (سعودیە، ئیمارات، قەتەر، تورکیا). ئەم گرنگییە ستراتیژییە لەدیدی ئێراندا جەخت لەسەر ڕۆڵی عێراق لە بەدیهێنانی خواستە بەرفراوانەکانیدا دەکاتەوە وەك هێزێکی هەرێمی. ***(سلوم، مهند، الموقع: مجليس الشرق الأوسط للشؤن الدولية، أبريل ٢٠٢٤)***. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئاستی ناوخۆ ستراتیژی ئێران ئەوە بووە کە لایەنە شیعەکان لە عێراقدا یەکبخات بۆ ئەوەی بتوانن گرنگی دیمۆگرافی خۆیان بسەپێنن و هەژموونی سیاسی خۆیان لەناوخۆدا زامن بکەن، بە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و یارمەتیدانیان لە داڕشتنەوەی دامەزراوەکانی عێراقی نوێدا. تاران لەناوخۆی عێراقدا پشتگیری لە کۆمەڵێک لایەن و کوتلەی سیاسی دەکات بۆ فراوانکردنی بژاردەکانی لە پەرەپێدانی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی. ***(آيزنشتات، مايكل، الموقع: washington institute، ٢٠١٥/٩/٣١).*** هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمیش ناکرێت ئەوە لەیاد بکرێت کە گرنگی جیۆپۆلەتیکی عێراق بۆ ئێران، لەوەدا دەردەکەوێت کە عێراق دەروازەیەکی پڕ بایەخە بۆ کرانەوەی ئێران و دانانی کاریگەری بەڕووی وڵاتانی کەنداودا، سەرەداوێکیشە بۆ ململانێ لەگەڵ تورکیا.

**٤. فاکتەری ئابووری و بازرگانی:**

عێراق هاوبەشێکی ئابووری بەنرخە، بازاڕێکی گرنگە بۆ هەناردەکردنی کاڵا و کارەبا و گاز، لەلایەن ئێرانەوە، قەبارەی بازرگانی نێوان عیراق و ئێران لە ساڵی(٢٠٢٣)دا (٩)ملیار دۆلاری تێپەڕاندوە. هەروەها عێراق بە ژینگەیەکی سەرنجراکێش و لەبار بۆ وەبەرهێنانی ئێران دادەنرێت. لەسەر ئاستی ئابوری عێراق بووە بە هێڵی ژیان بۆ ئێران. دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا لە سەردەمی کابینەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپدا، سزای توندی دارایی و ئابووری بەسەر ئێراندا سەپاند. ***(نجات، علي، ٢٠٢٤، ص٤)*** ئێران لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی دارایی و کاریگەری بەسەر دراوسێکانیدا، پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی لەگەڵ عێراقدا پاراستووە. بەپێی هەندێک ڕاپۆرت، ئێران گەورەترین هاوبەشی بازرگانی عێراقە و کڕیارێکی سەرەکی بەرهەمەکانیەتی. زۆرینەی

ئەو برە پارەیی ئێران دەستی دەکەوێت لە هەناردەکردنی بەرهەمەکانی لە عێراقدا بووە. عێراق خواستی وایە لە ساڵی(٢٠٢٥)دا قەبارەی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا بەرزبکاتەوە بۆ (٢٠)ملیار دۆلار. ئەو کەلوپەلانەی عێراق لە ئێرانەوە هاوردەی دەکات، بریتیەلە (خۆراک، بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان، وەبەرهێنان و..هتد). ئەمەش یارمەتی ئێرانی داوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی سزا ئابوورییەکانی. هەروەها کەرتی وزە لە پێشەنگی ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی نێوان هەردوو وڵاتدایە، بەو پێیەی عێراق پشت بە ئێران دەبەستێت بۆ دابینکردنی گازی سروشتی و پڕکردنەوەی خواستەکانی بۆ کارەبا، هەربۆیە ئێران نزیکەی (٤٠%)ی پێویستییەکانی کارەبای عێراق دابین دەکات. سەقامگیری لە تۆڕی کارەبای عێراقدا بەدیهێناوە. ***(الزيدي، مازن، ٢٠٢٥، ل٧).***

**بەشی سێیەم:**

**باسی یەکەم: ئاڵنگارییەکانی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و کاریگەری لەسەر ئێران:**

**١. لەڕووی سیاسییەوە:** لەدوای (بەهاری ٢٠٠٣) و نەمانی ڕژێمی پێشوو لە عێراقدا، ئێران هەستی بە بۆشاییەکی سیاسی و ئەمنی کرد لەو وڵاتە بۆ قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە سوودی وەرگرت لە نزیکبوونەوەی فیکری و جۆشدانی هەستی ئاینی و ئایدۆلۆژی مەزهەبی. ئەمەش بووە پاڵنەری نزیکبوونەوەی سیاسی و ئاسایش لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن هێزە شیعەکانی نزیك لە ئێرانەوە، بەمەش هەژموونی کاریگەری سیاسی خۆی لە عێراقدا زامن کرد. بەڵام وادەردەکەوێت لەدوای بە ئامانجگرتنی ژەنەراڵ(قاسم سولەیمانی) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/٣)، کە کۆڵەکەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئێران بوو لە عێراق و ناوچەکە، ***(توفيق، نصرت، ٢٠٢١، ص١١٣).*** یەکێك لە ئاڵنگارییە سیاسیەکانی عێراق پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و کرانەوەی سیاسیە بە ئاراستەی وڵاتانی جیهان و پێکەوە بەستنی وڵاتانی کەنداو و تورکیا. ڕەنگە لەسەر ئاستی هەرێمی و نزیکبوونەوەی عێراق لە تورکیا و سعودیە و وڵاتانی کەنداو ئەو دۆخەبێت کە ئێران نیگەران دەکات. هەرچەندە عێراق بانگەشەی ڕاگرتنی هاوسەنگی دەکات لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا، بەڵام هێشتا ئێران لەسەر ئاستی باڵا بەرچاوڕوون نییە تا بەتەواوی بڕیار لەسەر پڕۆژە نوێیەکەی عێراق(ڕێگای گەشەپێدان) بدات بەوەی ئایا ئەم پڕۆژەیە ئاسانکاری بۆ بازرگانی ئێران دەکات لەگەڵ دەرەوە، یاخود دەبێتە ڕکابەری پڕۆژەکانی ئێران و پلانێکە ئێران تێیدا بە ئامانج گیراوە. ***(احمد، سارا شكر، ٢٠٢٤، ص٧).*** پێدەچێت یەکێکی تر لەو ئاڵنگاریانەی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر پەیوەندییە سیاسیەکانی عێراق و ئێران هەبێت، زیندوکردنەوەی پرسی کێشە سنوورییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەیە، کە بە کراوەیی ماونەتەوە و خۆی لە سنوورە وشکانی و ئاوییەکانی کەنداوی عەرەبیدا دەبینێتەوە. ***(محبوبة، الأقريد، ٢٠٢٣، ص١٢١٣).*** جیالەوەی ئەوەی حکومەتی ئێرانی زۆرتر نیگەران کردووە ئەوەیە ئێران بەشێك نییە لە ڕێگای گەشەپێدان و نەخراوەتە نێو پڕۆژەکەوە، هەربۆیە لەپرسی ڕێگای گەشەپێداندا ئێران ترسی لەوەیە پڕۆژەکە ببێتەهۆی دانانی کاریگەری و نفوز و نزیك بوونەوەی عێراق لەو وڵاتانەی ئێران ڕکابەرێتی لەلایەك، لەلایەکی تر دەرکەوتنی پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق وەك هێزێکی هەرێمی بەلای ئێرانەوە بە واتای ناهاوسەنگی هێز دێت لە بواری پەرەسەندنی ئاڵنگاری لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولادا.

**٢. لەڕووی ئابورییەوە:** لەڕووی ئابورییەوە بایەخی پڕۆژەکە بۆ عێراق خۆی دەبینێتەوە لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و لەگەڵ تەواوکردنی پڕۆژەکە پێشبینی دەکرێت داهاتی چاوەڕوانکراوی ڕێگەی گەشەپێدان لە باشترین دۆخدا لە نێوان (٤-٦)ترلیۆن دیناری عێراقی و (٣-٤,٥)ملیار دۆلاردا بێت، ئەمەش دەرفەت دەرەخسێنێت لەبەردەم بەشداریکردن لە چالاکی ئابووری

و جوڵەی بازرگانی جیهانیدا، بەمەش ئابورییەکی نەرمتر و بەردەوامتر بۆ عێراق دابین دەکات. هەروەها عێراق لە پرۆژەکەیدا ڕۆڵی جیۆئابووریی دەبینێت بەهۆی قۆستنەوەی شوێنە جوگرافیاکەی، کە ئاسیا و دەوڵەتانی کەنداو بە ئەوروپاوە دەبەستێتەوە و پێگەی خۆی لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر دەکات. ئەمە جگەلەوەی گواستنەوەی کەلوپەل لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ باکوری ئەوروپا ئاسان دەکات لە ماوەی (١٥)ڕۆژدا ، بەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیاکانی گواستنەوە و وڵاتان بۆ ئەوەی ڕێگاکە بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان بەکاربهێنن لە جیاتی ڕێگاکانی تر کە پێویستیان بە ماوەیەکی درێژترە (***شنشول، نسرين رياض، ريام علي حسين، ٢٠٢٤ ، ص٤)***. هەرچەندە حکومەت خواستی وایە کە ببێتە خاوەنی زۆربەی ژێرخانی پرۆژەکە (ئەگەر بتوانێت پارەی پێویست بۆ ئەوە دابین بکات، و بەمجۆرە ملکەچی دەوڵەت یان قەوارەیەکی دیاریکراو نابێت، ئەمەش سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی و ئەمنی وڵات زامن دەکات. بەو پێیەی خاوەندارێتی ڕێگای گەشەپێدان بۆ عێراق دەگەڕێتەوە بۆیە هیچ دەوڵەتێك و لایەنێکی دەرەکی مافی ئەوەی نییە دەستوەردان لە بەڕێوەبردنی پرۆژەکەدا بکات. ئەمەش بۆ عێراق بەواتای کردنەوەی دەروازەی نوێ و ڕێگای جیاوازی پەیوەندی ئابوری و بازرگانی دێت لەگەڵ وڵاتانی تردا. وا دەکات لە داهاتوودا عێراق مەیلی بەلای پەیوەندییە ئابوری و بازرگانی ئێران کەم بێتەوە. لەدیدی ئێراندا ئەمە ئاڵنگارییەکی گەورەیە و دوور نییە ئێران ببێتە بەربەست و ئاستەنگ لە بەردەم پرۆژەکەدا دروست بکات، چونکە پێی وایە ڕێگای گەشەپێدان لە دوورمەودا دەبێتە ڕکابەری بەندەرەکانی، بەتایبەتی بەندەری ئیمام خومەینی، کە دەکەوێتە خۆر موسا سەر بە پارێزگای خوزستان لە سەرووی کەنداوی عەرەبی. ئەمە جگەلە قوڵبوونەوەی ململانێی نێوان (ئێران و ئەمەریکا)، هەڕەشەکردنی ئێران لە داخستنی گەرووی هورمز، ئەگەر بێت و ئەمەریکا چاو بە ڕێکەوتننامە نەوەوییەکەی نێوانیاندا نەخشێنێتەوە. ئەمەش بەواتای ئاڵنگاریی و مەترسی ڕاستەقینە دێت لەبەردەم داهاتووی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێداندا. ***(بخيت، حيدر نعمة، مصدر سابق، ص١٨)***.

**باسی دووەم: پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران:**

سەبارەت بە دیدی وڵاتێکی هەرێمی گرنگی وەك ئێران، کە زۆرترین ئامادەیی هەیە لە عێراقدا، ئەوا پێدەچێت ئێران مەرجی هەبێت بۆ پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و چاوی لە جێبەجێکردنی هێڵی ئاسنی(شەلەمچە-بەسرە)ی نێوان (عێراق و ئێران)بێت، بۆ بەستنەوەی هەردوو پارێزگای (خوزستانی ئێران و بەسرەی عێراق). بۆ ئەوەی بەشێك بێت لە سوودمەندانی پرۆژەکە لە پەراوێزدا نەمێنێتەوە. هەربۆیە لە بەیاننامەیەکدا و لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٥/٢٧)، (شەهریار ئەفەندی زادە) بریکاری وەزارەتی گواستنەوەی ئێران. جەخت لەوە دەکاتەوە، پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەرفەتێکە بۆ وڵاتانی ناوچەکە و ئەگەری دەرفەتی زۆر لە پرسی ڕێڕەوی شەمەندەفەر، ڕێڕەوی (باکور-باشور) و ڕێڕەوی (ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا) بۆ هەموو وڵاتانی ناوچە وەك: (ئێران، ئیمارات، عێراق، سعودیە، تورکیا، عومان) دەڕخسێنێت. ئاماژە بەوە دەکات ڕۆڵی هێڵی ئاسن زۆر گرنگە و ئەم پرۆژە نوێیە لە عێراقدا ڕۆڵێکی نایابی دەبێت لە گواستنەوەی کەلوپەلدا. پرۆژەی گەورەی نێوان (عێراق و ئێران) لە دیدی کارەکتەرە حکومیەکانی ئێران بریتییە لە بەستنەوەی هێڵی ئاسن لە (شەلەمچەوە بۆ بەسرە). ***( Ismail Hakki Pekin, websait: united world, 23 March 2024)***. بەڵام ئەوەی کاربەدەستانی ئێرانی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە (حەمید حوسێنی)، ئەمینداری گشتی ژووری بازرگانی هاوبەشی نێوان (ئێران-عێراق)، پێی وایە حکومەتی عێراق نیەتی کاری هاوبەشی نییە و هیچ برە پارەیەکی بۆ جێبەجێکردنی هێڵی ئاسنی شەلەمچە بۆ بەستنەوەی (خوزستان بە بەسرە) تەرخان نەکردوە، کە مەوداکەی تەنها (٣٥)کم، کەچی پارەی بۆ هێڵی ئاسنی (بەسرە(فاو)-تورکیا) دابین کردووە بە درێژایی (٢٢٠٠)کم. ***(نجات، علي، ٢٠٢٤، ص١٧)***. عێراق پێی وایە دەبێت

ڕێگەی شەلەمچە تەنها بۆ گواستنەوەی حاجیەکان و بازرگانی سنوردار بەکاربهێنرێت. لەکاتێکدا ئێران هیوادارە ڕێگاکە سەرەتا بۆ گواستنەوەی سەرنشین و دواتر بۆ گواستنەوەی بار بە تێپەڕبوونی کات بۆ بازرگانی سوودی لێ وەربگیرێت. ئەمە جگەلەوەی عەلی حوسێنی، سەرۆکی ژووری بازرگانی لۆجستی، گواستنەوە و کەشتیوانی ئێران ڕایگەیاندووە کە بەندەری فاو ڕکابەرێکی سەرەکی بۆ ئێران دەهێنێتەکایەوە، پێدەچێت کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر هاتوچۆی ترانزێتی نێوان ئێران و تورکیا. هەروەها ڕەنگە بەندەری فاو ببێتە هۆی دابەزینی بەهای بەندەری چابەهار، کە ئێران هەوڵی داوە وەک ناوەندێکی کەشتیوانی پەرەی پێبدات. ڕەنگە پێگەی ئێران وەک وڵاتێکی ترانزێت لەسەر ئاستی ناوچەکە لاواز بکات. چونکە لە ئێستادا ئێران تاکە ڕێگای ڕاستەوخۆی گەیشتنی تورکیا بە کەنداو دابین دەکات. بەڵام بەتەواوبوونی بەندەری فاو، تورکیا لە ڕێگەی عێراقەوە دەستی بە کەنداو دەگات، ئەمەش کاریگەری ئەنقەرە لەم ناوچەکەدا زیاد دەکات و هەژموونی دەسەڵاتی ئێران کەم دەکاتەوە. ***(İdris Okuducu, websait Gulf Internation Forum, July 18, 2024)***

هەروەها لە دیدی ناوەندی (ئیرام)، کە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئێرانییە و بنکەکەی لە ئەنقەرەیە، بۆ تورکیا ئەم پرۆژەیە دەبێتە پاڵپشتێکی ستراتیژی بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی وزە. نەك هەر ئەوە بەڵکو باڵانسی تورکیا وەك یاریزانێکی سەرەکی لە ئاسایشی وزەی جیهانیدا بەرز دەکاتەوە. کە پرۆژەکە تەواو بوو، دەرفەتی پێویست بۆ میکانیزمەکانی ئێستای کەشتیوانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئێراندا کەم دەبێتەوە، ئەمەش سوود و دەرفەتی گرنگ بۆ تورکیا و عێراق دەرەخسێنێت. کەواتە بەهێزکردنی نفوزی تورکیا لە عێراق، لە داهاتوودا دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژوەندیەکانی ئێران. ***(Oral Toğa, web sitesi: iram, 29/4/2024)***

هەروەها پیاوانی سیاسی و ئەمنی ئێران ترسیان لەوەیە لەگەڵ هاتنە ناوەوە و کۆبوونەوەی کەشتییە بازرگانییەکان هەندێکجار (سیخوڕی) لە باکووری کەنداوەوە بۆ بەندەری فاو، ئەگەری نائارامی لە ناوچەکەدا زیاتر دەکات. دوژمنە هەرێمیەکانی ئێران لەوانە ئەمریکا و ئیسرائیل دەتوانن بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران و پێکهێنانی هاوپەیمانی دەریایی و ناسەقامگیرکردنی ژینگەی دەوروبەری ئێران، کەڵک لەم پرسە وەربگرن. هەروەها کارێکی لەم جۆرە وادەکات چاودێریکردنی ئەو ناوچەیە لەلایەن هێزی دەریایی سوپای پاسدارانەوە قوورس بێت. ***(نجات، علی، ٢٠٢٤، ص٢١).*** لەلایەکی ترەوە کاربەدەستانی ئێران پێشتر نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە کە پەرەپێدانی ژێرخانی بەندەرەکانی عێراق کاریگەری لەسەر ئاسۆی پەیوەندییەکانی داهاتووی ئەم دوو وڵاتە دەبێت، بەوەی دەبێتە هەڕەشەیەکی جیۆستراتیژی و بازرگانی. چونکە پەرەپێدانی هەردوو بەندەری (ئوم قەسر و فاو) خواستە جیۆستراتیژیە فراوانەکانی پرۆژەکە، دەتوانێت لە داهاتوودا پێگەی ئابووری ئێران کەم بکاتەوە بەو پێیەی بەندەرەکانی ئێران لە ئێستاوە کێبڕکێ لەگەڵ بەندەرەکانی (فوجەیرە و جەبەل عەلی) ئیمارات دەکەن. ***(Ranj Alaaldin, 2024, p:5)***. ئەمە جگەلەوەی لە گۆشەنیگای ئێرانەوە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان مەیلی کێبڕکێیی هەیە لەگەڵ پرۆژەکانی بەندەرە هەرێمییەکانی ئێران، کە حکومەتی ئێران لە هەوڵدایە چەندین بەندەر، وەک پەیوەندی ستراتیژی بۆ بازرگانی جیهانی پەرەپێبدات. لەوانە (چابەهار لە کەنداوی عومان، بەندەر عەباس لە نزیک گەرووی هورمز، بەندەر ئیمام خومەینی لە ئاوەکانی باکوری کەنداو). ***(نصیر، جیهاد، الموقع: rcssegypt، ٢٠٢٤/٨/٢٣).*** هەر بۆیە عەلی زیایی، لێکۆڵەری ئێرانی لە بواری گواستنەوە و گەیاندن، پێی وایە نابێت پرۆژەی ئاسنەڕێی فاو بۆ تورکیا دروست بکرێت؛ چونکە ئەم پرۆژەیە لە بنەڕەتدا دەستپێشخەرییەکی عێراقی نییە، بەڵکو پلانی ئەمریکا و تورکیایە لە باوەشی عێراقدا جێیانهێشتووە. جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بە لۆبی تورکی و ئەمریکی، دوورنییە لەداهاتوودا عێراق ببێتە

دەروازەیەک لەنێوان باکوور و باشووردا و جێگەی ئێران بگرێتەوە. لەڕاستیدا بەم پرۆژەیە بە فەرمی ڕێڕەوەکانی ئێران فەرامۆش دەکرێت، ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێراندا ناکۆکە. ***(نەجات، عەلی، ئایاری ٢٠٢٤، ٢٠٧).***

**دەرەنجام:**

١. (جوگرافیا، سیاسەت، ئابووری، ئایین) کاریگەریان هەیە لەسەر داهاتووی پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و ئێران.

٢. ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق ئاڵۆزە و پڕە لە ئاڵنگاری. نەک تەنیا پێشهاتە ناوخۆییەکانی هەردوو وڵات کاریگەرییان لەسەر داهاتووی پەیوەندییەکانیان دەبێت، بەڵکو پێشهاتە هەرێمییەکان و داینامیکی دەوروبەریش جێکەوت لەسەر پەیوەندییەکانیان بەجێدەهێڵێت. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا عێراق لەڕووی ئابووری و ئاسایشەوە سوود لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران وەردەگرێت، بەڵام لە پرسەکانی سەروەری وڵات و سەربەخۆیی سیاسیدا زیانی پێدەگات. ئەگەرچی ئاڵۆزی ژینگەی سیاسی و ناوخۆیی عێراق وایکردووە زۆرێک لە گروپە جیاوازەکانی عێراق، لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکاندابن، لەنێویاندا ئێران، ئەمەش ئەگەری دروستکردنی ئاستەنگ لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا دروست دەکات لە ناوخۆدا.

٣. لە ڕوانگەی ئێرانەوە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەرفەت و ئاڵنگاری نوێ دەهێنێتەکایەوە. لە تێڕوانینی ئێراندا عێراق ناوچەیەکی ستراتیژیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نایەوێت پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان ببێتەهۆی ئاڵۆزی لە ناوچەکەدا.

٤. عێراق بە تەواوکردنی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لە ئاستی هەرێمی نێودەوڵەتیدا وەك هێزێکی ئابوری پێگەیەکی گرنگی دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە پێکەوەبەستنی کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا، بەڵام لە دیدی ئێرانەوە پرۆژەکە دەبێتەهۆی نزیکبوونەوەی عێراق و تورکیا و پێگەی تورکیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی هێندەی تر بەرزدەکاتەوە و لێدانە لە بەرژەوەندی و هەژموونی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا.

٥. ئێران بۆ ئەوەی لە پەراوێزی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێداندا نەمێنێتەوە، چاوی لە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاسنەڕێی (شەلەمچە-بەسرەیە)، لەنێوان هەردوو وڵاتدا. ئەمە بە دەرفەتێك دەزانێت بۆ دانانی کاریگەری خۆی لە سوودمەندبوون لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان و گواستنەوەی کاڵاکانی بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ناوچەکە لە ڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە.

**ڕاسپاردەکان:**

١. پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان پێویستی بە توێژینە و هەڵسەنگاندنی زیاترە لەسەر بنەمای واقیعبینی و گرنگە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەرەکانی توێژینەوە، چاودێر و هەڵسەنگێنەری جێبەجێکردنی کارەکان و پلانەکانی پرۆژەکەبن.

٢. حکومەتی عێراق، لەسەر ئاستی ناوچەیی بابەتیانە لە گەمە نێودەوڵەتیەکان بگات و لێکەوتەکانی کاریگەری ڕێگای گەشەپێدان لەسەر بەرژوەندی وڵاتان باشتر تاوتوێ بکات لەناویاندا ئێران.

٣. پێویستە ڕۆڵ بە ئێران بدرێت بۆ ئەوەی لە پەراوێزی پرۆژەکەدا نەمێنێتەوە، ڕەنگە ئەنجامدانی ئاسنەڕێی (شەلەمچە-بەسرە)، کاریگەری فشارەکانی ئێران لەسەر پرۆژەکە کەم بکاتەوە.

٤. حکومەتی عێراق هاوسەنگی سیاسی ڕابگرێت لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە، داهاتووی پرۆژەکە نەکاتە خزمەت بەرژوەندیەکانی وڵاتانی دراوسێ و نەیکاتە ئەڵقەیەکی تری کۆڵۆنیالیزم و لەگەردنی خۆی بئاڵێنێت.

- **سەرچاوەكان**

- **یەكەم: سەرچاوەكان بە كوردی**
- **أ.گۆڤارەكان:**

١. صدرالدين، كاظم احمد، ڕێگەی گەشەپێدان وەك پرۆژەیەكی كیشوەر بڕ، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە ٢٢، ٢٠٢٤.

٢. نەجات، علی، هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە ڕێڕەوە نوێیەكان ڕێگەی گەشەپێدان بە نموونە، وەرگێرانی :بارام سوبحی، گۆڤاری ئێرانناسی، ژمارە (11)ساڵی سێیەم، ئایاری 2024.

**ب. ماڵپەڕەكان:**

١. ئەلیاس، فیراس(دكتۆر)، هەلەكە رەخساوە عێراق و خواستی بەستنەوەی لە سێ دەریاكە، ماڵپەری IGFA، بڵاوكردنەوە 4تەموزی2024، بەردەست ٢٠٢٤/١٢/١٨، لینك: https://shorturl.at/FOflX

٢. عارەب، سیروان(دكتۆر)، ڕێگای گەشەپێدان و داهاتووی سیاسی و ئابووری عیراق، ماڵپەڕی ڕێگەی كوردستان، بڵاوكردنەوە 18ی ئابی 2024، بەردەست ٢٠٢٤/١٢/٢٦، لینك: https://shorturl.at/gbodf

٣. حاجی مارف، عوسمان، پرۆژەی گەشەپێدانی عێراق، ماڵپەڕی سپی میدیا، بڵاوكردنەوە 16/4/2024، بەردەست ٢٠٢٥/١/٨، لینك: https://shorturl.at/JHdUa

**دووەم: سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:**

**أ. كتێب:**

١. توفيق، نصرت، السياسات الإقليمية تجاه العراق مدركات وقضايا ضمن بناء دولة العراق متضاربة و رؤى مستقبلية، مطبعة مؤسسة الرضوان الثقافية، طبعة الأولى، بيروت، 2021.ا

٢. طوالبة، حسن محمد، مناقشة في النزاع العراق-الإيراني، الطبعة الأولى، المطبعة الوطن العربي، بيروت، 1984.

٣. لغوري، ابراهيم حلمي، اطلس العالم، دار المشرق العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة السادسة، سوريا، 2006.

**ب. نامە زانكۆییەكان:**

١. العبيدي، عبدالرحمان عبدالكريم عبدالستار، علاقات العراقية -الإيرانية في ضل الإحتلال الأمريكي للعراق 2003-2011، رسالة ماجستير(غير منشوره)، قسم العلوم السياسة، كلية آداب والعلوم، جامعة الشرق الأوسط، 2011.

٢. كاظم، ظلال جواد، الأهمية الحيوسترتيجية لموقع العراق الجغرافي في ضوء المتغيرات الدولية الجديدة، رسالة ماجستير(غير منشورة)، قسم الجغرافية، كلية التربية للبنات، جامعة الكوفة، 2005.

٣. الكعبي، ياسر رحيم كاظم حسين، العلاقلت العراقية-الكويتية بعد عام 1991، رسالة ماجستير(غير منشوره)، قسم الجغرافية الطبيقية، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة كربلاء، 2022.

**ت. گۆڤارەكان و ڕۆژنامەكان:**

١. أحمد، بيداء محمود (دكتوره)، الحدود العراقية الإيرانية دراسة تاريخية سياسية، مجلة دراسات وبحوث الوطن العربي، العدد 20-21، 2006.

٢. امين، حافظ عبدالامير(دكتور) واخرون، طريق الحرير وطريق التنمية نقيضان ام مكملان في استدامة الاقتصاد العراقي، المجلة العراقية للعلوم الاقتصادية، مجلد 22، عدد ٨٠، ٢٠٢٤.

٣. حسن، عمار موري، أثر المتغير الإيراني على مستقبل دور العراق الأقليمي، مجلة İran Özel Sayısı، مجلد2، عدد 1، تشرينى 2017.

٤. الزيدى، مازن، العلاقات العراقية-الإيرانية في عهد حكومة السوداني، جريدة الوفاق، عدد 7681، 8/1/2025.

٥. الشمرى، احسان (دكتۆر)، طريق التنمية بالعراق يواجه تحديات سياسية و مالية و أمنية والقبول الإقليمي والطريق البديلة، مجلة أراء حول الخليج، مركز خليج للأبحاث، عدد 192، 2نوفمبر2023.

٦. محبوبة، الأقريد(دكتۆره)، العلاقات العراقية الإيرانية التحديات و الرهنات، مجلة المعيار، مجلد 27، عدد 5، سنة 2023.

٧. المشهداني، بان علي حسين، دور مشروع طريق التنمية في تعزيز موقع العراق على خارطة التجارة العالمية، مجلة الميادين الاقتصادية، عدد 1، مجلد 6، 2023.

٨. ياسين، فيصل عبداللطيف، مشروع طريق التنمية العراقي مشروعية الطموح و محددات المنافسة الجيوسياسية الإقليمية والدولية، مجلة سياسة الدولية، عدد 60، سنة 1/9/2024.

**پ. سەنتەرەكانی توێژینەوە:**

١. احمد، سارا شكر(دكتوره)، الأبعاد الجيوبولتيكية لمشروع طريق التنمية، مركز البيان للدراسات والتخطيط، 2024.
٢. بخيت، حيدر نعمة(دكتور)، طريق التنمية العراقي فرص تنموية واعدة وتحديات كبيرة، مركز البيان للدراسات و التخيط، 2023.
٣. شنشول، نسرين رياض(دكتوره)، ريام علي حسين، طريق التنمية والآفاق المستقبلية للإقتصاد العراقي، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، 17/3/2024
٤. رحاب الزيادي، خطوات تنموية :تحديات مشروع طريق التنمية بين العراق و تركيا، المركز المصري للفكر و الدراسات الاستراتيجية، 7/5/2023
٥.كوبكجوغلو، سرحات سها(دكتور) مشروع طريق التنمية العراقي-التركي، ترجمة د .نصير محمد على، مركز كربلا الدراسات الاستراتيجية، 13مارس2024.
٦. نجات، علي، آفاق العلاقات الإقتصادية بين إيران والعراق، مركز البيان للدراسات والتخطيط، 2024.

**ح. ماڵپەڕەكان:**

١. آيزنشتات، مايكل، إيران والعراق، الموقع washington institute :النشر 31/9/2015، متاح ٢٠٢٤/١٢/٢٨، الموقع: https://shorturl.at/ynTz7
٢. بورصة، رمضان، هل فقدت إيران نفوذها في العراق؟، الموقع جزيرة، النشر 30/10/2024، متاح ٢٠٢٥/١/١٢، الموقع: https://shorturl.at/V2WNv
٣. الجبورى، عادل، العراق والثورة الإسلامية في إيران والإمام الخميني، الموقع :ميادين نت، النشر 9/2/2023، متاح ٢٠٢٤/١١/٢٦، الموقعhttps://shorturl.at/aF07C :
٤. سلوم، مهند، إيران ودورها المتغير في الجغرافيا السياسية العراقية :من التنافس إلى التحالف، الموقع مجليس الشرق الأوسط للشؤن الدولية، النشر أبريل-2024، متاح ٢٠٢٤/١١/٢٧، الموقع: https://shorturl.at/64sEy
٥. الشازلي، أميمة، طريق التنمية :فرصة لتطوير البنية التحتية في العراق وهمزة وصل بين الشرق والغرب، الموقع bbc newsعربى، النشر 28ايارى2023، متاح ٢٠٢٤/١١/١٣، الموقع: https://shorturl.at/9SV53
٦. عقيل، زينب، أي علاقة تربط ايران بالعراق، الموقع الخنادق، النشر 6/2/2023، متاح ٢٠٢٤/١١/١٢، الموقع: https://shorturl.at/TAyET
٧. مزوري، محمد سليم، ايران والعراق دراسة امنية و استراتيجية، الموقع: K24، النشر تموز 2024، متاح ٢٠٢٥/١/٣، الموقع: https://shorturl.at/WVtbD
٨. نصير، جيهاد، تحديات متعددة :ما مستقبل طريق التنمية العراقي؟، الموقعrcssegypt :، النشر 23/8/2024، متاح ٢٠٢٤/١١/٤، الموقع: https://shorturl.at/a4lyN

**سێیەم: سەرچاوەكان بە زمانی فارسی:**

١. الخزرجى،حمد جاسم محمد، خليل جودة عبد الفخاجي، مستقبل العلاقات العراقية-الإيرانية والمتغيرات المؤثرة فيها للمدة 2003-2020، فصلنامه تحقيقات جديد در علوم انسانى، شماره 34، زمستان 1400.
٢. مركز پژوش هاى اتاق ايران، جاده توسعه عراق: آرزوها و واقعيت ها، ١٤٠٣.

**چوارەم: سەرچاوەكان بە زمانی توركی:**

1. Oral Toğa, İran'ın Kalkınma Yolu Projesi'ne Yaklaşımı, websitesi: iram, 29/4/2024, mevcut ٢٠٢٥/١/٧, siteye: https://shorturl.at/XWNGK

**پێنجەم: سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Al-Zahidee, A. R. H., & Al-Edam, H. S. M، The economic importance of the construction of the great port of FAW and the link to the Silk Road. Review of International Geographical Education Online, (2021).
2. Al-Zahidee, Amjed Radha Hasan, and Hamdiya Shaker Muslim Al-Edam. "the economic effects of the establishment of the great port of Faw And its link to the belt and road initiative." Turkish Journal of Computer and Mathematics Education ,28/8/2021.
3. Harith Hasan, Iraq's Development Road: Geopolitics, Rentierism, and Border Connectivity, Malcolm H. Kerr, Carnegie middle east center, MARCH 11, 2024.

4. İdris Okuducu, What Iran Stands to Lose from Iraq's Development Road Megaproject,web sait Gulf Internation Forum, July 18, 2024, link: https://gulfif.org/what-iran-stands-to-lose-from-iraqs-development-road-megaproject/.
5. Ismail Hakki Pekin, Turkish – Iraqi agreement "to counterbalance Iran", websait: united world, March 23, 2024, link: https://unitedworldint.com/33732-turkish-iraqi-agreement-to-counterbalance-iran/ 6. Ranj Alaaldin, Iraq's Development Road Project, The Middle East Council on Global Affairs, October 2024.
7. Ministry of Transportation, The Development Road Project, Baghdad, 31 January 2024